هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

www.keodd.org

ژمارە: ١
ڕۆژ: ١٣ / ٢ /٢٠٢٢

No:
Date:

# بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٢

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم وهەشتەم لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی نائاسایی ژمارە (٧٠) حەفتای خۆیدا لەڕێکەوتی (١٣ / ٢ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بەنوسراوی وەزارەتی پلان دانان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان بۆ ساڵی (٢٠٢٢) ژمارە (٣١٥) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ وە پاڵپشت بەنوسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (٢٩٤) لە ٢٠٢٢/٢/١٠ پاڵپشت بە یاداشتی لیژنەی پلان و پرۆژەکان لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/١٠ وە پاڵپشت بە بڕگەی (٥) خاڵی (یەکەم و دووەم) و بڕگەی (١٠) دە لەماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

بڕیاردرا بە:

١. دەنگدان و پەسەندکردنی بەرکەوتەی بودجەی ئیدارەی ڕاپەڕین لە پلانی ساڵی (٢٠٢٢) بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدان بە بڕی (٢٠.٧٣٠،٠٠٠،٠٠٠) ملیار دینار بۆ ( ٦٠) پرۆژە.
٢.بە دەنگی ( ٣٠) ئەندام پەسەندکرا.
٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٢/١٣.
٤.لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١٣ / ٢ /٢٠٢٢

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٢
ڕۆژ: ١٣ / ٢ /٢٠٢٢

No:
Date:

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٢

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم وهەشتەم لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی نائاسایی ژمارە (٧٠) حەفتای خۆیدا لەڕێکەوتی (١٣ / ٢ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بەنوسراوی وەزارەتی پلان دانان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان ژمارە (٣١٧) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ وە پاڵپشت بەنوسراوی ئیدارەی گەرمیان/ کاروباری هونەری ژمارە (٥٦٠) لە٢٠٢٢/٢/١٠ بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدان بۆ پارێزگاکان بۆ ساڵی (٢٠٢٢) ئاماژە بە یاداشتی لیژنەی پلان و پرۆژەکانی ئەنجومەن لە ٢٠٢٢/٢/١٠ پاڵپشت بە بڕگەی (٥) خاڵی (یەکەم و دووەم) و بڕگەی (١٠) دە لەماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

بڕیاردرا بە:

١. دەنگدان و پەسەندکردنی بڕی (١٥،١٨٠،٠٠٠،٠٠٠) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان (پرۆژەکانی پەرەپێدان) لە پلانی ساڵی (٢٠٢٢) کە (٣٩) پرۆژەیە.
٢.بە دەنگی ( ٣٠) ئەندام پەسەندکرا.
٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٢/١٣.
٤.لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١٣/ ٢ /٢٠٢٢

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No:
Date:

www.keodd.org

ژمارە: ٣
ڕۆژ: ١ / ٣ /٢٠٢٢

## بــڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢٢

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٧١) حەفتا و یەکی خۆیدا لەڕێکەوتی (١ / ٣ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٥ ) ئەندامی ئەنجومەن لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە نوسراوی ئیدارەی گەرمیان/ نووسینگەی تایبەت ژمارە (٣٦) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٤) وە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣١٥٩) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٠/٧) و پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٧) پشتبەست بە خاڵی (٢) بڕگەی (١٢) دوانزە لەماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

بڕیاردرا بە:

١. پێشنیازمان بۆ هەڵبژاردن و پاڵاوتنی ئەم پاڵێوراوانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە بەرامبەر بەو دەنگانەی کە پێیان دراوە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان لە ئیدارەی گەرمیان.

١.پاڵێوراو (عادل حسێن قادر) بە دەنگی (٢٥) بیست و پێنج دەنگ.

٢.پاڵێوراو (نەوزاد محمود حمە علی) بە دەنگی (١٢) دوانزە دەنگ.

٣.پاڵێوراو (سیامەند سلام عارف) بە دەنگی (٩) نۆ دەنگ.

٤. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٣/١.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١ / ٣ /٢٠٢٢

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٤
Date: ڕۆژ: ١ / ٣ /٢٠٢٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٢

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٧١) حەفتا و یەکی خۆیدا لەڕێکەوتی (١ / ٣ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٦ ) ئەندامی ئەنجومەن لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە نوسراوی ئیدارەی گەرمیان ژمارە (٧٠٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/١٥) وە ئاماژە بە یاداشتی لیژنەی پلان و پڕۆژەکانی ئەنجومەن لە ڕیکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٢) پاڵپشت بە بڕگەی (٥)ی خاڵی (یەکەم و دووهەمی) بڕگەی (١٠) دە لەماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

بڕیاردرا بە:

١. دەنگدان و پەسەندکردنی بڕی (٦٠٠.٠٠٠.٠٠٠) شەش سەد ملیۆن دینار بۆ (٣) سێ پڕۆژە کە پێشتر ئەم بڕە پارەیە وەک گوژمەی یەدەگ دیاری کرابوو لە ناو لیستی پڕۆژەکانی پەرەپێدان بەڵام وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی لەسەر نەبوو.
٢.بە دەنگی (٢٦) بیست و شەش ئەندام پەسەند کرا.
٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٣/١.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١ / ٣ /٢٠٢٢

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٥
Date: ڕۆژ: ٧ / ٦ /٢٠٢٢

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢٢

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٧٢) حەفتا و دووهەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٧ / ٦ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٠ ) ئەندامی ئەنجومەن لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن ئاماژە بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە.

بڕیاردرا بە:

١. بڕیاردرا بە ڕاسپاردنی لیژنە هەمیشەییەکان بە ئامادەکردن و پیش کەشکردنی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانیان بۆ کێشە و گرفتەکانی سنووری دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن و بەپێی بڕگەی (١٠) دەیەم لە ماددەی (١٠) دەیەمی پەیڕەوی ناوخۆ بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ئەنجومەن.

٢.بە دەنگی (٢٣) بیست و سێ ئەندام پەسەند کرا.

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٦/٧.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٧ / ٦ /٢٠٢٢

kany

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی - ڕێگای سەرەکیی سلێمانی - تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

No: 
Date: 

ژمارە: ٧
ڕۆژ: ١٤ / ٦ /٢٠٢٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٢٢

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٧٣) حەفتا و سێیەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (١٤ / ٦ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٦ ) ئەندامی ئەنجومەن لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن

بڕیاردرا بە:

١. پێشنیازمان بۆ بەڕێز وەزارەتی ناوخۆی هەرێم بۆ لە نوێ دروستکردنی گوندی (کانیاو) پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٥) و بەیانی ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠١٧)ە و بەیانی ژمارە (١٧)ەی ساڵی (٢٠١٨)ەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم وە پاڵپشت بە بڕگەی ژمارە (١٣)ە لە ماددەی (٦)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق وە نوسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (٥٠) لە (٢٠٢٢/١/٤) وە پاڵپشتی نوسراوی لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە (٢٠٢٢/٣/١٦) لە کەرتی (٣٦) ی میرەبەگ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٢/١) بە ڕووبەری (١٣.١٨) سیانزە دۆنم و هەژدە ئۆلک .

٢.بە دەنگی (٢٢) بیست و دوو ئەندام پەسەند کرا.

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٦/١٤.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١٤/ ٦ /٢٠٢٢

kany

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No:
Date:

www.keodd.org

ژمارە: ٨
ڕۆژ: ٢١ / ٦ /٢٠٢٢

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٨)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لەماددەی (١٠)دەیەم لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٧٤) حەفتا و چوارەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢١ / ٦ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٤) ئەندامی ئەنجومەن لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن ئاماژە بە یاداشتی لیژنەی پیشەسازی و ووزەی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٤ پاڵپشت بە بڕگەی (٨) هەشتەم لە ماددەی (٦) شەشەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

بڕیاردرا بە:

پێشنیاز و ڕاسپاردەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:-

١.جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ماددەی (١٣) لە یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەیاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە پێکهێنانی کۆمپانیایەکی نیشتمانی بۆ پاڵاوتنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

٢.بڕی ئەو بەنزینەی هەیە زیابکرێت و هەوڵی دابەزاندنی نرخەکەی بدرێت بۆ کەمێک لەوەی کە ئێستا هەیە.

٣. لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت ڕاسپێرێت بۆ ڕێگەگرتن لەهەر جۆرە قۆرخکاریەک کەهەبێت لەهێنان و دابینکردن و فرۆشتنی سوتەمەنی.

٤.پێدانی نەوتی خاو بە پاڵاوگەکان بەبەردەوامی و دابەشکردنی بەرهەمەکەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکاندا لە هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی.

٥.سەرەڕای هەڵگرتنی باج و رسومات لەلایەن حکومەتەوە لە خاڵە سنورییەکان پێویستە ڕێگری بکرێت لە وەرگرتنی هەرجۆرە پارەیەک لە لایەن کۆمپانیاکانەوە لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠٢٢/ ٦ / ٢١

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٩
Date: ڕۆژ: ٢٦ / ٧ /٢٠٢٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٩)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٧٧) حەفتا و حەوتەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٦ / ٧ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٥) ئەندامی ئەنجومەن لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن ئاماژە بە نوسراوی ئیدارەی گەرمیان/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ژمارە (٤٠٢٦) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/١٥) و لاری نەبوونی لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٧/١٩) پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) سیازدە لە ماددەی (٦) شەشەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق وە بەیانی ژمارە (٨) هەشتی ساڵی (٢٠١٧)ەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان/ عێراق وە بڕیاری ژمارە (١) یەکی ساڵی (٢٠١٥).

بڕیاردرا بە:

١.پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عێراق بە مەبەستی فراوانکردنی گوندی (شاکەل) لە سنووری ناحیەی سەرقەڵا سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری (١١) یازدە دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٢٤/ سەرقەڵا) کەرتی (٤)ی شاکەل.

٢.بە دەنگی (٢٤) بیست و چوار ئەندام پەسەندکرا..

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
/ /٢٠٢٢

kazhal

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

# بڕیاری ژمارە (١٠)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨٠) هەشتاهەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٣ / ٨ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٦) ئەندامی ئەنجومەن لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن ئاماژە بە یاداشتی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/١٤) کە ژمارەیان (١٧) حەقدەیە پاڵپشت بە ماددەی پێنجەم و بڕگەکانی (١٠،٨،٦) لە ماددەی شەشەمی یاسایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق وە بە ئامادەبوونی لیژنەی سەرپەشتیاری پرۆژەی دانانی (٢٢٥) کامێرای چاودێری تیژڕەوی جێگر (Point to point) بەڕێوەبەریەتی هاتوچۆی سلێمانی وە ئاماژە بە نوسراوی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سلێمانی/ لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی دەستپاکی سلێمانی بە ژمارە (١١٣٧/٦ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٨).

بڕیاردرا بە:

١.پێشنیازمان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (٣) لە (٢٠٢١/٤/١١) لەگەڵ کۆمپانیای ئێرلی ڤیوچەر بۆ ئەلکترۆنیات بۆ پرۆژەی (دانانی ٢٢٥) کامێرای چاودێری تیژڕەوی جێگیر (Point to point).

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

www.keodd.org

ژمارە: ١٠ No:
ڕۆژ: ٢٣ / ٨ /٢٠٢٢ Date:

٢. وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە کۆی دەنگی ئامادەبووان جێبەجێکردنی پرۆژە دانانی (٢٢٥) کامێرای چاودێری تیژرەوی جێگیر بە سیستەمی (Point to point) ڕتدەکەینەوە بە گرێبەستی وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٣) بە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٤/١١) پاڵپشت بە برگەی (٣) لە ماددەی (١٩) پارێزگار ئەو بڕیارانە جێبەجێ دەکات کە ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی یاسا جێبەجێکراوەکان دەیدات جارێکی تر پاڵپشت بە برگەی دەیەم لە ماددەی (٦)ی یاسای ژماری (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێم-عێراق، شەقامی (١٠٠) مەتری کە تەواو نەبووە زۆر جیاوازە لە شەقامی (٦٠) مەتری و ڕێگاکانی دەرەوەی شار کە زۆر خراپن.

- بە دەنگی (٢٨) بیست و هەشت ئەندام پەسەند کرا.

٣.داوا لە فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سلێمانی دەکەین کە دوای نوسراویان ژمارە (١١٣٧/٦) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/١٨) بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی دەست پاکی سلێمانی ڕێکاری یاسایی زیاتر بگیرێتەبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٢/٤/١١)ی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم کە ئامارەتان پێکردووە پێچەوانەیە لەگەڵ بەشی (١١) لە یاسای هاتوچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی (٢٠٠٤).

٢.بە دەنگی ( ٢٨) ئەندام پەسەندکرا.

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/٢٣).

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠٢٢/ ٨ /٢٣

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلۆجە / نزیک پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

No: ژمارە: ١١
Date: ڕۆژ: ٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (١١)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨١) هەشتاویەکی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٠ / ٩ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٠) پاڵپشت بە نوسراوی ژمارە (١٣٧٤)لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٧ ئیدارەی ڕاپەڕین پشت بەست بە بڕگەی (١٣) لەمادەی (٦)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)و بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥)و بەیانی ژمارە(٨)ی ساڵی (٢٠١٧)ەی وەزارەتی ناوخۆ و پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە ٢٠٢٢/٩/٦

بڕیاردرا بە:

١.پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عیراق بەمەبەستی فراوان کردنی گوندی(هیزۆپی گەورە) سەربەناحیەی چوار قورنە لە ئیدارەی ڕاپەڕین بەڕووبەری (٧دۆنم و ٧ ئۆلک و ٧٠م٢ )لە سەر پارچە زەوییەکانی (١٢/١و١٢/٢)ک هیزۆپی گەورە.

٢.بەدەنگی (٢٧) بیست و حەوت ئەندام پەسەند کرا.

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢٢/٩/٢٠.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

neyan

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

No: ژمارە: ١٢
Date: ڕۆژ: ٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٢)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨١) هەشتاویەکی ئاسایی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٠ / ٩ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٧/١١) و کۆبونەوەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکان لە ٢٠٢٢/١/١٦ و فەرمانی ناوخۆی ئەنجومەن ژمارە (٤٥) لە ٢٠٢٢/١/٢٣ پێکهێنانی لیژنەیەک لەکۆی فراکسیۆنەکان بەسەرپەرشتی بەڕێز (مەهدی محمود محمد) سکرتێری ئەنجومەن و دانیشتنی هەشتەمی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ ئەنجومەن بڕیاریدا بە :-

١.پەسەندکردنی هەمواری بەشێک لە مادده و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە دانیشتنی هەشتەمی کۆبونەوەی ژمارە (٨١) ی ئاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٠ بە ژمارەی لیژنەکان کە (٩) لیژنەیەو پێکهاتەکەی لیژنەکان و کۆی هەموارەکە.

٢.بەدەنگی (٢٧) بیست و حەوت ئەندام پەسەند کرا.

٣. لەڕۆژی دەرچونیەوە پەسەند دەکرێت.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی - ڕێگای سەرەکیی سلێمانی - تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

ژمارە: ١٣
ڕۆژ: ٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

No:
Date:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٣)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨١) هەشتاویەکی ئاسایی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٠ / ٩ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٦) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٩) پاڵپشت بە یاداشتی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی ئەنجومەن و فەرمانی کارگێڕی ژمارە (٧٩٤) لە ٢٠٢٢/١/٢٤ ی پارێزگای سلێمانی و پێکهێنانی لیژنەی چارەسەرکردنی پاشماوەی کارگەکان و هەرسێ کۆنوسی لیژنەکە لە ٢٠٢٢/٦/٢٢ واژۆکراوە کە پێکهاتووە لە فەرمانگەی ژینگە- نەوت و کانزاکان –ئاوی ژێرزەوی- بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی – بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ –ب.ئاوی دەوروبەری سلێمانی – سەرۆکی لیژنە لە ب.گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی وە وەڵامی لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن بڕیاردرا بە:-

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
/ ٢٠٢٢/

kazhal


ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٤
ڕۆژ: ١٢ / ١٠ /٢٠٢٢

No:
Date:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٤)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەم لە ماددەی (٩) نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٢٢) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨٢) هەشتا و دووهەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (١٢/١٠/٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٥) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن، ئاماژە بە ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢/١٠/٢٠٢٢) پاڵپشت بە یاداشتی لیژنەی پلان و پرۆژەکان لە ڕێکەوتی (٥/١٠/٢٠٢٢) وە پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٩/١٠/٢٠٢٢) پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٥) یاسایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە تەواونەکردنی ڕێگای دوو سایدی نێوان (کەلار – دەربەندیخان)

بڕیاردرا بە:-

١.پێشنیاز دەکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بەدەر لە داهاتی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی تەواوکردنی پرۆژەی ڕێگای نێوان (کەلار – سلێمانی) وە چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی تەواوکردنی پرۆژەکە.

٢.لە لایەن بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی بودجەی پرۆژەکە وەک پێشینە لە (٢٠٠.٠٠٠.٠٠٠) دوو سەد ملیۆن دیناری هەفتانەوە زیاد بکرێت بۆ (١.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) یەک ملیاری هەفتانە لە پێناو زوو تەواوکردنی پرۆژەکە پێش وەرزی زستان.

٣.لە لایەن بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی گەنجینەکان ئاگادار بکرێتەوە کە ئەستۆپاکی بۆ هەموو پێشینەیەک نەبێت بەڵکو تەنها لە سەرەتا و کۆتایی پرۆژەکە وەربگیرێت لە جێبەجێکاری پرۆژەکە کۆمپانیای (بێشکان).

٤.بە دەنگی (٢٢) ئەندام پەسەندکرا.

٥.ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی (١٢/١٠/٢٠٢٢).

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١٢ / ١٠ /٢٠٢٢

Kany

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێری

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

ژمارە: ١٥ No:
ڕۆژ: ١٢ / ١٠ /٢٠٢٢ Date:

www.keodd.org

کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی
KEODD

# بڕیاری ژمارە (١٥)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەم لە ماددەی (٩) نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٢٢) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨٢) هەشتا و دووهەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٥) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن، ئاماژە بە ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/٢) پاڵپشت بە یاداشتی لیژنەی پلان و پرۆژەکان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/٥) وە پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/٩) پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٥) یاسایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە تەواونەکردنی سایدی دووەمی ڕێگای نێوان (وارماوا – دەربەندیخان) بڕیاردرا بە:-

١.پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بفەرموون بە تەرخانکراوی نوێ بۆ ساڵی (٢٠٢٣) بۆ تەواکردنی پرۆژەی ڕێگای سایدی دووەمی (زەڕایەن – دەربەندیخان).

٢.پرۆژەی ناوبراو بڕی (٣٦٠.٠٠٠.٠٠٠) سێ سەد و شەست ملیۆن دیناری هەیە لە لایەن بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی ئەو بڕە پارەیە خەرج بکرێت بۆ بڕگەکانی پرۆژەکە.

٣.بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ڕادەسپێرین بە دانان و دروستکردنی هێما و هێڵکاری بۆ ڕێگا کۆنەکەی نێوان (زەڕایەن – دەربەندیخان) کە لە ئێستادا بۆ هاتوچۆ بەکاردەهێنرێت لە پێش وەرزی زستان.

٤.بە دەنگی (٢٢) ئەندام پەسەندکرا.

٥.ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٢).

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠٢٢/ ١٠ / ١٢

Kany

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێری

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٦
رۆژ: ١٦ / ١١ / ٢٠٢٢

No:
Date:

www.keodd.org

رۆیشتوو
ژمارە:
رۆژ: / /

# بڕیاری ژمارە (١٦)

ئامارژە بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەم لە ماددەی (٩) نۆیەم لە پەیڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨٣) هەشتاو سێ هەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٦) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٧) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن ئامارژە بە نوسراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ژمارە (٦٨٦٨ لە ٢٠٢٢/٦/٢١) نوسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (١٨١٨٥ لە ٢٠٢٢/٨/٢٩) و نوسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ فەرمانگەی داواکاری گشتی/ لیژنەی تۆمارکردنی مافی گشتی ژمارە (١٩٣٣١ لە ٢٠٢٢/٩/١١) و نوسراوی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سلێمانی/ لیژنەی تۆمارکردنی مافی گشتی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ژمارە (١٤٠١ لە ٢٠٢٢/٩/٢٥) و نوسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ژمارە (٢١٤٥١ لە ٢٠٢٢/١٠/٢) نوسراوی پارێزگای سلێمانی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ژمارە (١١١٥٣ لە ٢٠٢٢/١٠/٢) پاڵپشت بە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە (٢٠٢٢/١٠/٣٠) وە ڕاپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانی ئەنجومەن لە (٢٠٢٢/١١/٨) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە پاڵپشت بە بڕگەی (٨) لە ماددەی (٦) شەشەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق پاڵپشت بە بڕیارەکانی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی/ دادگای بەرایی سلێمانی/(٤) ژمارە (١٦١٦/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١١/٣٠) و فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سلێمانی/ لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی ژمارە (١٤٠١ لە ٢٠٢٢/٩/٢٥).

Taban
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel.: 0533181083

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No:
Date:

ژمارە: ١٦
ڕۆژ: ١٦ / ١١ /٢٠٢٢

www.keodd.org
KEODD

بڕیاردرابە:

١.پێشنیاز دەکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران میلاکی پێویست دابین بکرێت بۆ شارەوانیەکان بە گشتی بۆ کۆکردنەوەی رسومات و داهات.

٢.پێشنیازمان بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە داهاتوودا کۆکردنەوەی سەرجەم ڕسوماتەکانی شارەوانیەکان لە ڕێگای شارەوانیەکانەوە بێت دوای تەواو بوونی ماوەی گرێبەستەکانیان لەگەڵ کەرتی تایبەت.

٣.سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بەرپرسیارێتی کۆکردنەوەی ڕسومات و داهات بگرێتە ئەستۆی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٤.ئەم بڕیارە بە دەنگی (٢٢) ئەندام پەسەندکرا.

٥.ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٦).

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠٢٢/ ١١ /١٦

Taban
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ١٧

Date: ڕۆژ: ١٦ / ١١ / ٢٠٢٢

www.keodd.org

ڕۆیشتوو
ژمارە :
ڕۆژ: / /

## بــڕیاری ژمارە (١٧)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی لە ماددەی (٩) نۆیەم لە پەیڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان: دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨٣) هەشتاو سێیەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (١٦ / ١١ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١١١٧٧ لە ٢٠٢٢/١٠/٢) بۆ ئەنجومەن وە پاڵپشت بە یاداشتی پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٦) وە پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) لە ماددەی (٦) شەش یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

بڕیاردرا بە:

١.پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عێراق بەمەبەستی هێنانەکایەی گوندی (دارە ڕەش) سەر بە ناحیەی تانجەرۆ.

٢.بە دەنگی ( ١٩) ئەندام پەسەندکرا..

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە (٢٠٢٢/١١/١٦).

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠٢٢/ ١١/١٦

Taban

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٨
ڕۆژ: ١٦ / ١١ /٢٠٢٢

No:
Date:

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بەرەو مەیدانی دیموکراسی

ڕۆیشتوو
ژمارە :
ڕۆژ :

## بڕیاری ژمارە (١٨)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی لە ماددەی (٩) نۆیەم لە پەیڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨٣) هەشتاو سێیەمینی خۆیدا لە ڕێکەوتی (١٦ / ١١ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە نوسراوی ئیدارەی گەرمیان/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ژمارە (٣٥٠١ لە ٢٠٢٢/١٠/١٦) وە پاڵپشت بە یاداشتی پشتگیری لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٦) پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) لە ماددەی (٦) شەشی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

بڕیاردرا بە:

١.پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عێراق بەمەبەستی هێنانەکایەی گوندی (بان گامیشان) سەر بە ناحیەی مەیدان لە ئیدارەی ڕاپەڕین.

٢.بە دەنگی ( ١٨) ئەندام پەسەندکرا..

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە (٢٠٢٢/١١/١٦).

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١٦/ ١١/ ٢٠٢٢

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

Taban
www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

No: ژمارە: ٢١
Date: ڕۆژ: ٩ / ١١ /٢٠٢١

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠٢١

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٦٩) شەست و نۆهەمینی خۆیدا لەبەرواری (٩ / ١١ /٢٠٢١) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٥) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە بڕگەی (٨) لە ماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی وە بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٩) لە یاساپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق وە ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە (٣٩١٤/١/١ لە ٢٠٢٠/١١/١١)ەوە و نوسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٠/٧٤٩٩) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/١٥) وە نوسراوی ژمارە (٢٠/٧٦٧٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/١٨) وە ئاماژە بە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لە (٢٠٢١/١٠/٣٠) لە هۆڵی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن وە ئامادە بوونی بەڕێزان سکرتێری ئەنجومەن و سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری و جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەری و قائیمقامی ناوەندی سلێمانی و جێگری بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی و نوێنەرایەتی سەنتەری بابان و نوێنەری ئەنجومەنی بنکەی ژین وە مامۆستا (جەمال عەبدول) و مامۆستا (عبدالرقيب يوسف)وە شارەزایانی بواری مێژوو دکتۆر (ئاکۆ شوانی) دکتۆر (پشکۆ ئاغجەلەری) و دکتۆر (عبدالخالد صابر) و دکتۆر (زریان حاجی) وە هەروەها ئاماژە بە دەسنوسی زانا و شاعیری کورد (مەلا عومەری ڕەنجوری شالە بەگی) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە:

بڕیاردرا بە:

١. دیاری کردنی (١١/١٤)ی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی سلێمانی.
٢.یادکردنەوەی ڕۆژی سلێمانی بۆ ماوەی یەک هەفتە بێت بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر.
٣. بە دەنگی (٢٤) ئەندام پەسەندکرا.
٤. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا.
٥.ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ئازاد محمد أمين**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**
١١/١٦/ ٢٠٢١

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی - ڕێگای سەرەکیی سلێمانی - تاسڵوجە / نزيك پردى قلياسان

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**

**Slemani Provincial Council**

No:

Date:

ژمارە: ٢٢

ڕێکەوت: ٩ / ١١ /٢٠٢١

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

ڕۆیشتوو
ژمارە :

## بڕیاری ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٢١

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٦٩) شەست و نۆهەمینی خۆیدا لەبەرواری (٩ / ١١ /٢٠٢١) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و (٢٥) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) لە ماددەی (٦) ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق وە ئاماژە بە نوسراوی ژمارە (٢٠/٩٠٤٧) لە (٢٠٢١/٩/٨)ی پارێزگای سلێمانی و هاوپێچەکانی.

بڕیاردرا بە:

١. پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان-عێراق بە گۆڕینی ناوی گوندی (کانی مانگا) بۆ ناوی (کەژان).

٢. بە دەنگی (٢٥) ئەندام پەسەندکرا.

٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا.

ئازاد محمد أمين

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

١٦/ ١١ /٢٠٢١

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی - ڕێگای سەرەکیی سلێمانی - تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٢٣
ڕۆژ: ٩ / ١١ /٢٠٢١

No:
Date:

www.keodd.org

ڕۆیشتوو
ژمارە :

## بــڕیاری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٢١

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٦٩) شەست و نۆهەمینی خۆیدا لە بەرواری (٢٠٢١/١١/٩) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و (٢٥) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بە بڕگەی (١٣) لە ماددەی (٦)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق وە ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٥٨٦٣ لە ٢٠٢١/٨/٢٥) بۆ پارێزگای سلێمانی وە نوسراوی ژمارە (١٨٩٠ لە ٢٠٢١/٦/١٣)ی ئیدارەی گەرمیان بۆ پارێزگای سلێمانی وە ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢١/٩٢٣٤) لە (٢٠٢١/٩/١٤) بۆ ئەنجومەنمان لەگەڵ بەراییەکان.

بڕیاردرا بە:

١. گواستنەوەی گوندی (قەڵا ڕێویلە) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی.
٢. بە دەنگی (٢٥) ئەندام پەسەندکرا.
٣. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠٢١/١١/٩.
٤.ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.

نازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
١٦ / ١١ /٢٠٢١

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان